# خەســرۆ جـــاف / نووسەر و شاعیر

## 31 / 10/2007

لەمێژەوە دیومانەو بیستومانە فلان حیزب و فلان رێکخراوو فلان دەوڵەت ناویان لە لیستی تیرۆردایەو تیرۆریستن. با وەك دونیای ئەم سەدە لەگەڵ رابردوودا لە زۆر بواردا جیاوازە لە زۆر بواریشدا ئاش هەمانە ئاشە. لەدونیای سیاسەتدا دۆست و دوژمنی هەمیشەی لەگۆردا نییە، کە بەرژەوەندی هاتووەتە پێشەوە زۆر کلاو بابردویەتی دەقەکان شەلەقاون، تەرازو تێکچووە، هەزار حەمە بەخولە بووە ئیدی زۆر دوور نادوێین پەیمانی نەنگینی جەزائیر لەنێوان شاوو سەدامدا لە قۆناغێکدا رەنجی میللەتێکی بەبادەدا.

جەمال عەبدولناسر رۆیشت و سادات هات ، لەچرکەیەکدا ئەوی لێزان و چاوساقی سۆڤیەت بوو لەمیسر وەدەری نا. شای ئێران بەو هەموو تێکەڵاویەوە لەگەڵ دونیای رۆژئاوادا وا ڕسوایان کرد تاك و تەنها لە بیمارستانێکی قاهیرەدا سەری نایەوە شەڕی چەند ساڵەی ناو ئەفغانستان ، رۆژێك لە رۆژان خودی بن لادن.. دەستکردی دونیای رۆژئاوابوو ئەوی نیازمەندی بوو.. بۆیدەکرا. لیبیای لایەنگیری تەقاندنەوەی فرۆکەو تیرۆریستی جیهانی دوێنێ و ئەمرۆی پەشیمانێ.. ئێمەی کورد.. ئەوانەی لەشەستەکاندا وەك من پیشمەرگە بوون.. بەچاکی لەبیریانە لەچی هەڵ و مەرجێکی دژواردا دەژیاین.. لەو ئاسمانە پڕ لەئەستێرەدا ئەستێرەیەکیان بەدی نەدەکرد .. برسی، رووت و رەجاڵ ، بێ دەرەتان و بێ ئەحواڵ، نەنانێ، نەخوانێ، ببێتە پشت و پەنا، جگە لەعشق وسەنای وڵات نەبێت بیرمان لە هیچ نەدەکردەوە، بە بچووکترین بریندار دەمردین، هیچ دەوڵەت و هیچ رێکخراوێکی جیهانیێ، نەمانێ دەگردە گەردن ئیدی مردن هەرزانترین دەستکەوتمان بوو.. هەزارانمان بوەتە قوربانێ ئەم رێگاو تا گەیشتوینەتە ئەورۆ.. دەڵێم ئەورۆ..نەك تەنها ئەورۆی ئێمە، بەڵکو جیهانێ ئەمڕۆ.. دونیای دوای یانزەی سبتێمەبەر..

من بیر لەوەی ناکەمەوە ئەوە رێکەوتە .. یان لێزانین و حیکمەتە، ئەمڕۆ کێشەی کورد وەزن و کێشێکی تای تەرازووی ئیستراتیژیەتی جیهانە..

مێژووی ئێمەی کورد مێژوویەکی خوێناوی .. نازانم بەخت و جەختیێ ئێمەی کورد بوو یان گێتی و گەوجی سەدام بوو تەماحگیری نانێ شوان بوو... بەو ئاکامەی گەیشت.. دیسان با بیخەینە باری رێکەوتەوە، ئەو گۆڕانکاریە بنەرەتیانەی لە تورکیادا ڕوویدا بوو بەهۆی تێکچوونی موعادەلاتێکی کۆن و ناسراو... شەڕی ئیراق گەیشتبووە دەروازە، پەرلەمانێ تورکیا تێپەر بوونێ لەشکری ئەمریکای بە وڵاتەکەیدا قەدەغەکرد. پەیرەوانێ ئوسوڵیەت و ئیسلامی گەرایان لەناو میللەتانێ تورکیادا رۆژ بەرۆژ لەپەرە سەندندا بووە.. وە تا بەئێستا موئەسەسەی عەسکەری تورکیاو ئەساسەن عیلمانیەت لەو تورکیادا لە پاکشەدایە، پاکشەیەکی نا مەوزون و ئاشوفتە و پەریشان... وا ناچاری دەستوور گۆرینیش بوون.. ئەو دەستوورەی تیادا گونجاوە ئەوی بیناسی تورکیای هەڵگردووە بۆ خۆی تورکەو بەس.

ئەوی ئەمڕۆ لە تورکیادا لە ئارادایە زۆر لەمەسەلەی p.k.k گەورەترو بنەڕەتی ترە.. حیزبەکەی ئۆردوگان یەشتا ئەوەندە تواناو هێزی نییە مافور لەژێر پای چەندین ژەنەراڵی دەمارگرژی قوشمەی خۆ بەزل زان بەئاسانێ وەدەر بهێنیت کە لایان وایە یەمان سوڵتان حەمەدی فاتیح دەوری قوستەن تەنیەی داوە یان سەلیم ئوغوز لە دەشتی چاڵدیراندا لەگەڵ شا عەباسی سەفەویدا لە شەڕدایە.

p.k.k زادەی وەرزو ساڵێك نییە، ئەوە زووتر لە 25 ساڵە لەخەباتێکی چەکدارانەدان شەڕی پارێزانی

پەلامارو کشانەوە لەم ساڵانی دواییدا هیچ گۆڕانکاریەکی مەترسی داریش لە شێوەی کاریاندا دژ بە تورکیا ڕووی نەداوە، نە ناوچەیەکی یان و پوری خەڵك نشینیان بەدەستەوەیە.. نە شارو شارۆچکەیەکیان ئازاد کردووەو نە تۆپێ دوور بوردیان بەکار بردووەو، فەبەتانگ و زرێ پۆشەوە چونەتە نێو شاران.. هەمان شێوەی کارو، هەمان جێگەو شوێن .. ئەی ئەم بیگرەو بەردەو لەشکرکێشی ئەم دواییمان لە چی یە بۆ چی یە؟

ئایا لەم هەراو هوریەدا p.k.k بەڵگەیە.. یان مەبەستە..؟ ئێمەی کوردی کوردستانی باشوور هەدەفین.. یان p.k.k وەسیلەیە..؟ هەرکامیان بێت سیناریۆ لێیەتی ڕوون بوەتەوە.. گوبەنی ناوخۆی تورکیاو (کیم سەن کیم سەن) ی موئەسەسەی عەسکەری تورکیا بێ ڕسواکردن کارێکی دژوارەو بەبێ تەشقەڵەکردن بەخەڵکی تردا ئاسان نییە ڕۆشنبیرانێ خەڵکی تورکیا هەرچی لەیەکی دەدەنەوە موئەسەسەی عەسکەری تورکیا لەگەڵ هیچ موعادەلاتێکی سیاسی ئەمرۆیانەدا نەدەخواو نەدەگونجێ.. بە وجودی ئەو موئەسەسەوە تورکیا بڕواتە ئەنجومەنی ئەوروپاوە خەونێکی مەحاڵە.. دانێ کرمە ژنێ تەنها ئەو موئەسەسەیە نییە خودی حیزبەکەی ئۆردوگان دونیای ڕۆژئاوا بەچاوی گومان و دوو دڵیمەوە سەیر دەکرێت. چاوساقانێ ئەمرۆی تورکیا لەناو خۆیاندا لە شەڕێکی سەرۆ ساڵیدان.. ئیتر هەر بێلانەو هەر داوە بۆ یەکترى دەنەنەوە..باوەرتان هەبیت ئەم لەشکر کێشیەی ئێستای تورکە ئاکامی پیلانی ناوخۆیانەو لە (مەئزەق) ی دان نەسەری هەیە و نەبن.. هێرش بێننە نێو کوردستان بۆیان ناڕواتە سەر.. دەست بەرداربن ڕسوایەکی جیهانیە.. هەر ڕسوایەکیش بێ قوربانێ نەبووە.. یان موئەسەق عەسکەری دەرو دەروازەی بۆ هەمیشە تەختە دەکرێت.. یان گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە تورکیادا ئەنجام دەدرێت.. بەندە لەوەی دڵنیام کێشەی کورد لەعاشقی ململانێ ناوخۆی تورکیادا نییە باشە ئەم هەڵوێستەی تورکە لە ملهوری و هێزو دەسەڵاتە یان ناچارن وا سورن لەسەر پاشێل کردنی سنوری کوردوستان؟ حکومەتی ئیقلیمی کوردستان چ پەیوەندیەکی بەو سیناریۆوە هەیە..؟ دەیانەوێ چی ڕاگەیەنن؟ کۆنگرێسی ئەمریکا کوشتاری ئەرمەن بە جینۆساید دادەنێ .. بە ئێمە چی.. ؟ بۆچی ئێمە بلەتی قەزر بژمێرین..؟یان هان دراون و ژیانێ ئەورۆی کوردو حکومەتی ئیقلیمی کوردستان بووە بە چقڵی چاوی دەمارگرژەکانێ نەك تەنها نورك بەڵکو عارەب و عەجەمیش ئەوەسا پاشماوەی رژێمی پێشوو برێك لە حیزب و رێکخراوەکانی دوژمن بە کورد.. کوڕە لەژێرەوە پیاوماقولانێ حکومەتێ مەرکەزی بەغایش دەست خۆشی لەو پەلاماری تورکەی دەکەن. ئەوە پانزە ساڵە دەوڵەتی تورك بەهانە دەگریەو هەڕەشەمان لێدەکات ئاوازی دێم دێم دێی خستوەتە سەر.. ئێمەی کورد هێرش بەری باش نین.. بەڵام بەگوێرەی ڕووداو سەڵماندومانە.. دیفاع کەری چاکین.. بەمیوان دێن سەرسەر ئەگینا..

زۆری کەس هەوڵی داوە کورد نەهێڵی

خاکی کوردوستان بە بۆمباوچەك بکێڵێت

هەڵە براون لەم کێوانە

بونەتە پەندی زەمانە.

ئەم ئاشە ئاوی زۆر دەوێ.. بۆیان بڕواتە سەر سبەی ئێرانیش ورگی شۆڕشگێرانێ کوردوستانێ ڕۆژهەلاتمان لێدەگریت.

عارەب هەر ئەوەندەی لەبارە کە دەیکا

تورك داوای سەرجەم p.k.k لە حکومەتێ کوردستان دەکا

نازانم بەباڵ بەسراوی دەیانەوێ یان بە کۆت کراوی..؟

بۆچی ئێمە عفرێتەکانێ حەزرەتێ سلیمانین لە چرکەیەکدا

تەخت و بەختی بەلقیسیان بردە خزمەتێ..؟

حکومەتی تورك 25 ساڵە زووڕنای بۆ p.k.k ژەندوە یان شەڕی لەگەڵ کردووەو هیچی بەهیچ نەکردووە. بەهانەکەیان لە لوژیکی سیاسیەوە دورەو گەیشتوەتە ئاستێ گەوجی..

پرسیارێك دێتە پێش سەرکردەکانێ p.k.k و هەزاران لایەنگیری p.k.k لە ئەوروپادان و بەرێزو حورمەتەوە دەژین ئەوی نیازمەندی بن هەیانە.

تەلەفزیۆنێ نێودەولەتێ.. ناو شارە، رادیۆ، رۆژنامەوگۆڤارو کتابخانە، گلۆپی فابلیایی.. کورە بانکی تایبەت، باوەڕبکەن زووربەی زۆری ڕستوران فرۆشگای سەر کوچەو گەرەکەکانێ ناو شارەکانێ ئەوروپا ئەندامانێ p.k.k وە زۆربەشیان بەسەرمایەی p.k.k دەبرێت بەرێگەوە بۆ خۆم ئەوەم دیوە کە p.k.k ویستویەتی خۆپیشاندان ئەنجام بدا ولاتانێ ئەوروپا کەوتونەتە ئینزارەوە.
تورکیای بەهێزو توانا بۆ داوای سەرکردەکانێ p.k.k لەولاتانێ ئەوروپای ناکا.. خۆ تورکیا ئەندامێکی زلهێزی پەیمانێ ناتۆیە..؟لەوانە گوزەشتە خۆ p.k.k ی ئەوروپا بەڤندیلەوە نین تەواوی ئەپارتمان و ئەدرەسەکانیان ئاشکەراو ڕوونە بابێینەوە سەر ماڵ و ئەحوالی خۆمان خێزانی خۆمان دەکرێت ئێمە تەنها پشت گەرمی هاوپەیمانی ئەمریکا بین و بەس..؟
خوا هەڵناگرێ باوەر بەفێڵ و تەڵەکەی فیدراڵ مەئابانێ حکومەتێ مەرکەزی بەغدا بین.

تائێستا لامان وابوە حیزبە شۆڕشگێرەکانێ کورد چ لە کوردستانی باکوور یان رۆژهەلات یان رۆژئاوا مایەی دەردە سەری حکومەتی ئیقلیم بوون..
بەندە بەپێچەوانەوە فکر دەکەمەوە.. ئەگەر بە وردەکاری و لێزانیەوە بتوانین و بزانین مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزە خواییە داویەدا بکەین دەوڵەتانێ دراوسێمان کە دوژمنێ بابە کوشتەمانن ناچاری زۆر شت دەبن و حکومەتی ئقلیمیش سەرفرازترو بەهێزتر لەهەم و ئاستیکدا دەبینرێت..
ئەم پارێزگاریە لە سودمان نەبوەو ئاکامەکانیش وا بەچاو دەبینین.. ئێمە چ بمانەوێ چ نەمانەوێ جەبری زەمان وایکردووە تەماحگیری ئاست و موستەوایەکی دووەلی بین تەواوی مەرجەکانمان تیادایە بۆ سەرکەوتن.. ئاستی پیرۆزی بە دەستمانەوەیە..
بە ئومێدی ئەو رۆژە.